
# پێشبرکێی کوردستان نێت بۆ کورتەچیرۆک لە 7-11 تاکو 11-11-2005

## سووتانی ڕۆح

یاسین بانیخێڵانی



دیسانەوە ئەمشەویش هاتەوە ناو ژووری تەنهاییەکەم، بەڵام ئەمشەو لە هەموو شەوەکانی تر جوانترە!. خۆ زۆر شەوی تریش هاتۆتە ئێرە، بەڵام ئەمشەو سەیرە! ڕەنگبێت زیاتر پەیوەندی بە منەوە هەبێت، چونکە کاتێک برسیم دەبوو، بۆنی هەموو خواردنەکان لەلام خۆش دەبوون. . . .
بە تەنیشتمەوە لەسەر ڕایەخەکەم ڕاکشاوەو بە نیگایەک تەماشام دەکات. لەسەرەخۆ یەک بە یەک جلەکانی بەری دادەکەنێ و پاڵ دەکەوێتەوە.
هەر زوو خەو دەیباتەوە بێئەوەی چاوەکانی لێکبنێت، ئەو چاوانەی، کە پڕن لەو وشانەی شەوو ڕۆژ بیریان لێدەکەمەوەو چەندەها شەو بە تاسەیانەوە تا سپێدە گینگڵم داوە. پەرییەکەو خۆی خزاندۆتە ناو جێگاکەمەوە.
" بەتەوسەوە دانیشتووم و دەست بەکەزییەکانیدا دەهێنم، جار نا جارێکیش لەسەرەخۆ ماچێکی ناوچەوانی دەکەم".
پەپولەیەک نازانم لەکام دەلاقەی ژوورەکەمەوە هاتۆتە ژوورەوەو بەچوار دەوری گڵۆپی سەرمێزی نووسینەکەمدا ماخولیایەتی. ڕاست دەبمەوەو پرچی دەگرم و دەیهێنم بەدەم و چاومدا، تەزوویەک هەڵم دەگرێ بۆ ئەو ڕۆژگارانەی لەباخەکاندا کوڕان و کچانم دەبینی یەکیان ڕادەموسی. پەپولەکە لە گڵۆپەکە دوور دەکەوێتەوەو لە بنمیچە تاریکەکەدا دەست دەکات بە باڵە تەپە. پاڵ دەکەومەوە دەستی ناسکی هەڵدەگرم و لەسەر سنگمی دادەنێم، هەندێ جاریش لەسەر سنگمی هەڵدەگرم بۆ ئەوەی ماچێکی بکەم. ئای، کە شەوێکی جوانە!. ژووری ئەمشەو لە گۆمێکی مەنگ دەچێت مانگە شەوی لە ئامێز گرتبێت، نازانم ئەو پەلەوڕە نەعلەتییە چییە زوو زوو گۆمەکە دەشەڵقێنێ؟. لەو کاتەدا لە دەرگا دەدرێت، بەپەلە دەچم ئەوەندەی تر دەرگاکە قایم دەکەم و دەگەڕێمەوە لای پەرییەکەم، ئەمجارە تەماشایەکی ڕوخسارە سیحراوییەکەی دەکەم بەدەم خەوەوە بزەیەکی ناسک دەیگرێ! لەسەرەخۆ دێمە سەرچۆک وەک کەسێک لەبەردەم خواکەیدا بێتە سەرچۆک! ئێ خۆ هەرواشە، هەموومان ئەو شتەی بە پاکی خۆشمان ئەوێت و بڕوامان پێیەتی بە خوای خۆمانی دەزانین.
پەپولەکە بە دیوارەکەدا بەرەو گڵۆپەکە هەڵدەفڕێتەوە. منیش وەک کوێرێکی تینوو بۆ ئاو بۆ بگەڕێت، ئاوا دەست بە ڕوخساریدا دەگەڕێنم. گیانم دێتە لەرزین. هەمان ئەو دەستە لەرزۆکانە وردە وردە دادەگرمە خوارەوە بۆ لاملی، گیانم تاو دەستێنێ و ئازارێکی خۆش سەراپام دەتەنێ. پەپولەکەش بەدەوری وێنەی ئەو کچەی لە کەنار دەریایەکدا بە ڕووتی پاڵ کەوتووە دەسوڕێتەوە هەروەک و چۆن پێشتر بەدەوری گڵۆپەکەدا ماخولیای بوو. ڕەنگە هۆی ئەوە بێت وێنەکە ڕەنگی گڵۆپەکەی دزی بێت، بۆ چەواشەکردنی پەپولەکە تا سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشێت.

ئای کە پەپولەیەکی عاشقی! منیش وەک تۆ زۆر شەوان بەدەوری ئەو وێنەدا هاتووم و بەرامبەری دانیشتووم و لەگەڵیدا دواوم و نهێنییەکانی دڵی خۆمم بۆ درکاندووە، باسی تەنهایی و چاوەڕوانی شەوانەم بۆ کردووەو زۆر جاریش بۆ ئەوەی باشتر گوێی لێم بێت دامگرتۆتە خوارەوەو هەموو شتەکانی ناخمم بە گوێیدا چپاندووە، پاشانیش پڕ بەدڵ ماچم کردووەو بردوومەتەوە کەناری دەریاکەو بە شەپۆلەکانم سپاردۆتەوە.

ئای کە پەپولەیەکی عاشقی! دەزانم تۆش دەتەوێت ئەمشەو تێر بە دڵی خۆت ماچی بکەیت یا لەسەر ئەو سنگە ناسکەی خەو بتباتەوە. نا هاوڕێی ئەمشەوم، کارێکی وا نەکەیت لەسەر سنگی هەڵنیشیت! تۆ ناسکی و بەرگەی ئەو شەپۆلە شێت و بێ ڕەحمانەی خۆیان بەسەر سنگیدا دەدەن ناگریت. وا نەزانیت هەر من و تۆ عاشقی ئەو بووین، دەریاش دەمێکە شەیدایەتی، ئەی نابینیت چۆن حەزەکانی دەکات بە شەپۆل و ڕەوانەی سەر سنگ و مەمکی دەکات! کچەش تەزوویەکی خۆش بەلەشیدا سەردەکات.

وازی لێ بێنە دەمێکە لەوە کەناردا چاوەڕوانی شەپۆلەکانە، تا بە یەکجاری لە لای بمێننەوە، من و تۆش دەمێکە وێڵین بە دوای ئەو ڕوناکییەدا دونیای تاریکمان ڕوناک بکاتەوە.

پەپولەکە تا دەهات لە وێنەکە دوور دەکەوتەوەو لە ڕوناکییە ڕاستییەکە نزیک دەبووە، منیش تا دەهات لەشم گەرمتر دادەگیرا.

دەستم هەر لە لاملیدایەوە هێواش هێواش بەرەو سەرسنگی دەخزێت، بزەیەکی شیرین وەک ئەوەی هەست بە خۆشییەک بکات کەوتە سەرلێوی، دەستەکەی ترم خۆی گەیاندە ناو پرچی و لەسەرەخۆ ناو قژی دەخوراند. کەمێک لەسەر ئەژنۆ ڕاست بوومەوەو دەمم خستە ناو دەمییەوە!. بەدەم ماچکردن و ڕاموسانەوە هەستم دەکرد لەشی تا دێت شل دەبێت، منیش تا دەهات زیاتر لە ئامێزم دەگرت و کەم کەم بەرەوە سەر ڕایەخەکەو لەشی دەکشام،

لەو کاتەدا بە ئەسپایی دەستم داگرتە خوارەوە بۆ نێوان مەمکەکانی، لەگەڵ گەیشتنی پەنجەم بە گوێ مەمکی چزە لە پەنجەمەوە هەستا!. کاتێک بە ئاگا هاتمەوە نامە تەواو نەکراوەکە، ئەو نامەیەی هەموو شەوێک دەینووسم و پاشان دەیدڕێنم بەسەریەوە خەوم لێ کەوتووە، جگەرەکەش گەیشتۆتە خەتی خوارەوەو نێوان هەردوو پەنجەی داغ کردووم.